KURDISH SORANI

DISCOVER NORTH EAST LINCOLNSHIRE

NORTH EAST LINCOLNSHIRE COUNCIL
www.nelincs.gov.uk




# رێبەریی تۆ بۆ خانوبەرە

ئابوورییەکی بەهێزتر: کۆمەڵگەی بەهێزتر پێکەوە دەتوانین بەهێزتربین.

# ڕێبەریی تۆ بۆ خانوبەرە

چۆن شوێنێک بۆ بەکرێگرتن بدۆزمەوە؟..........................................................

دەتوانم لە کوێ شوێن بەکرێ بگرم؟ ....................................................................

دارایی.................................................................................................

شوێنێکت دۆزیەوەتەوە کە بەدڵتە؟ هەنگاوەکانی داهاتوو............................................

دەبێت پارەی چی پسووڵەیەک بدەم؟..........................................................

ڕاخستنی ماڵە تازەکەت..........................................................

تەنەکەی خۆڵ، ڕیسایکڵین و کاڵا گەورەکان..........................................................

باشترین ئامۆژگارییەکان بۆ سێرڤسی خانوو..........................................................



### چۆن شوێنێک بۆ بەکرێگرتن بدۆزمەوە؟

ئەگەر بەدوای شوێنی کرێدا دەگەڕێیت، چەند ئاژانسێکی بەکرێدانی ناوخۆی و خاوەن موڵکی تایبەت هەن.

دەتوانیت بە گەڕان لەسەر ئینتەرنێت، گەڕان بە سەنتەری شار، سەیرکردنی ڕیکلامەکانی دووکانەکان بۆ ژووری تایبەت و موڵک، سەیرکردنی ڕۆژنامە ناوخۆییەکان،
یان پرسیارکردن لە هاوڕێ و خێزان تا بزانیت خاوەن موڵکەکەیان هیچ موڵکێکی دیکەی هەیە بەکرێی بدات یان کەسێک دەناسن موڵکێکی هەبێت بۆ کرێ، بیاندۆزیتەوە.

هەروەها گرووپی فەیسبووک هەیە بۆ ڕیکلامکردن بۆ بەکرێدانی موڵکەکان لە ناوچە جیاوازەکان.

- ئەم لیستە لە ئاژانسەکانی بەکرێدان ببینە لەو ناوچانەی دراون.
- ماڵپەڕەکان بگەڕێ، ئەوانەی نیشتیمانین وەک ئەمانەی خوارەوە: **www.rightmove.com**

**www.zoopla.co.uk**

**www.onthemarket.com**

---

# دەتوانم لە کوێ شوێن بەکرێ بگرم؟

**شوێنی جیاوازی زۆر هەن لە دەوروبەری نۆرس ئیست لانکەشایەر. دەبێت ڕەچاوی ئەوە بکەیت نرخی موڵەکە تا چەند گونجاوە، حەزدەکەیت لە ناو شار بیت یان دەرەوەی شار، دەبێت نزیک بیت لە شوێنی کارەکان، دەبێت نزیک بیت لە گواستنەوەی گشتی، و ئایا بۆ نموونە خێزانت هەیە و منداڵەکانت دەچن بۆ قوتابخانە. ئەگەر دەتەوێت بار بکەیت بۆ شوێنێکی دیکە، ناتوانیت موڵکی دیکە لە شارۆچکە یان شارەکانی دیکە بدۆزیتەوە، دەتوانین چەند ئامۆژگارییەکی گشتیت پێشکەش بکەین کە نرخی گونجاو چۆنە و سیاسەتەکانی پەیوەندیی خۆجێی چین.**

14 "یەکەی کارگێڕی" یان ناوچە هەیە کە نۆرس ئیست لانکەشایەر پێکدەهێنن. یەکە کارگێڕییەکان لە خوارەوە ڕیزکراون لە ڕووی تێکڕای تێچووی کرێ بۆ موڵکێکی 2 ژووری لە بەرزەوە بۆ نزم. گرانترین ناوچە وۆڵدزە، هەرزانترینیش ئیست مارشە.

ئەگەر دەتەوێت زیاتر بزانیت دەربارەی ناوچەیەک لە نۆرس ئیست لانکەشایەر، دەتوانیت ماڵپەڕەکەمان www.nelincs.gov.uk بەدوای "Wards" (یەکەی کارگێڕی) بگەڕێیت.

زانیاریی زیاتر دەربارەی ناوچەکان لە ڕووی ژینگەی ژیان، خۆشگوزەرانی، خێرایی بۆردباند، ئاماری تاوان، قوتابخانە



## یەکە کارگێرییەکان لە ڕووی تێچووی بەکرێگرتن لە بەرزەوە بۆ نزم




1. Wolds
2. Humberston and New Waltham
3. Waltham
4. Scartho
5. Haverstoe
6. Croft Baker
7. Yarborough
8. Heneage
9. Sidney Sussex
10. Freshney
11. Immingham
12. Park
13. South
14. West Marsh
15. East Marsh

## خانووە هاوبەشەکان/ HMO

خانووە هاوبەشەکان کە زۆرجار بە **HMO** (خانووی فرە نیشتەجێ) ناودەبرێت شێوازێکی باشن بۆ پاشەکەوتکردنی پارە و پەیداکردنی هاوڕێی نوێ ئەگەر کەسێکی سەڵت بیت. ئەگەر کارت نیە، بەگشتی ئەمە هەرزانترین بژاردەیە تا ئەو کاتەی دەستدەکەیت بە کار و دەتوانیت پارەی تێچووەکان بدەیت و لە موڵکێکی سەربەخۆدا بژیت. **HMO** دەتوانن کەپڵەکانیش قبوڵ بکەن. ئەمە ڕەنگە هەموو پسووڵەکانی خزمەتگوزاری لە ناو کرێکە جێبکاتەوە، بەڵام دڵنیابەرەوە لەگەڵ ئاژانس یان خاوەن موڵکەکە ئەوە پشتڕاست دەکەیتەوە کە کرێی خزمەتگوزاریی تێدایە یان نا و ئەگەر هەیە کامەیە.

هەموو کرێچییەکان بەهاوبەشی بەرپرسیارن لە پاراستنی پاکوخاوێنی و ڕێکوپێکی شوێنە هاوبەشەکان و ڕێزگرتن لە تایبەتمەندێتی بۆ ئەوانی دیکە. گرنگە خۆت و میوانەکانت نەبنە هۆی بێتاقەتی و دەنگەدەنگی زۆر.

دەبێت ڕەچاوی ستایلی ژیانی خۆت و خووەکانی خۆت بکەیت و بزانیت ژیان لەگەڵ ئەاونی دیکە بۆ تۆ گەنجاوە و ئایا خەڵک حەزدەکەن لەگەڵ تۆ بژین یان نا.

گەڕان بەدوای خانوویەک لە ناوچەیەکی جیاواز لە شوێنی خۆت ئێستا ڕەنگە قورس بێت ئەگەر نەزانیت کام ناوچە بۆ تۆ باشە. ئەگەر حەزدەکەیت بزانیت، تکایە لای کارمەندی پشتگیریەکەت، ئەفسەری نیشتەجێبوون یان هاوڕێ یان ئەندام خێزانێک پرسیار بکە کە شارەزای ئەو شوێنە بیت حەزت لێیە و ڕەنگە بتوانن ئامۆژگاریت پێشکەش بکەن.

دەبێت پەیوەندی بە ئاژانسەکانی بەکرێدان بکەیت لە ناوچەکە و دەربارەی خانووە هاوبەشەکان کە گونجاو بێت بۆ داهاتی خۆت پرسیاریان لێ بکەیت. ڕەنگە ئەوەیش باش بێت پرۆفایلێک دروست بکەیت لە **www.spareroom.co.uk** و سەیری **www.gumtree.com.** بکەیت.

هەوڵ بدە لە ڕۆژێکدا چەندین سەردان و سەریکردن ڕێکبخەیت و پرسیار بکەیت ئەگەر بتوانیت کرێچییەکانی ئێستا ببینیت بۆ ئەوەی خۆت هەست بکەیت ژیان لەو خانووەدا چی هەستێکی هەیە.



# دارایی

## پێویستیم بە چی خەواندنی پێشوەختەیەکە؟

- پێویستە پێشوەختە کرێی 5 هەفتە بخەوێنیت و بەگشتی کەفیلێکیش ئامادە بیت بۆ ئەوەی بتوانیت شوێن بەکرێ بگریت. لە نشینگە هاوبەشەکان، زۆرجار ئەو برە کەمترە. ئەمە دەکرێت ئەو پارە بێت پاشەکەوتت کردووە یان لە هاورێ یان خێزانیت وەرگرتووە.
- ئەگەر داهاتی خۆتت نیە لە کارەکەت، دەبێت خاوەن ماڵێکی بەریتانی یان دانیشتوویەکی بەریتانیا کە کاری هەیە وەک کەفیل بێتە پێشەوە، وە کەمترین مووچەی داواکراوی هەبێت کە بەشی تێچووی خانووی خۆی و نشینگەکەی تۆیش بکات ئەگەر هاتوو کرێکەت نەدا، یان هەر زیانێک بەر موڵکەکە کەوت.
- لە هەندێک حاڵەتدا، ئەنجوومەنی نۆرس ئیست لانکەشایەر ڕەنگە بتوانێت هاوکاریی دارایی لە ڕێگەی تیمی Home Options یان خزمەتگوزاریی ئاوێتەکردنی ئاوارەکان پێشکەش بکات. دەبێت قسە لەگەڵ کارمەندی پشتگیریەکەت یان ئەفسەری نیشتەجێبوونت بکەیت دەربارەی ئەمە چونکە شمولی هەموو کەسێک ناکات.
- هەندێک لە ئاژانسەکانی بەکرێدان پشتگیریی دامەزراندن وەردەگرن لە جیاتی کەفیل بەڵام دەبێت موچەکەتی لەسەر نووسرابێت. پێشنیاز دەکەین پێش ئەوەی هیچ موڵکێک ببینیت ئەمە ئەنجام بدەیت بۆ ئەوەی نائومێد نەبیت. پرسیار بکە پێویستیان بە پارە خەواندن هەیە ئەگەر کەفیلت هەبێت یان نا.
- بڕی خەوێندراو بۆ هەر کرێیەکی نەدراو یان تێچووی لەناکاو وەک زیانەکان لە کۆتایی ماوەی بەکرێگرتنەکە بەکاردەهێنرێت. خاوەن موڵکەکەت یان بریکارەکەت دەبێت پارە خەوێندراوەکەت لە بەرنامەیەکی سندوقێکی کرێچیی حوکمی دابنێت لە ماوەی 30 ڕۆژ دوای ئەوەی پێیان دەدەیت و دەبێت ئیمێڵی پشتڕاستکردنەوە وەربگریت کە لە کوێ تۆمارکراوە و چۆن ئەژمار دروست بکەیت. ئەم بەرنامە زامنی ئەوە دەکات کە تۆ
  لە کۆتایی ماوەی بەکرێگرتن پارەکەت وەردەگرییتەوە ئەگەر بەند و مەرجەکانی ڕێکەوتننامەی بەکرێگرتن جێبەجێ بکەیت. ماڵپەڕ: [www.gov.uk/tenancy-deposit-protection](http://www.gov.uk/tenancy-deposit-protection)
- ئاژانسێکی بەکرێگرتن دەبێت داهاتەکەت بزانێت بۆ ئەوەی بزانێت دەتوانیت پارەی چی جۆرە موڵکێک بدەیت. دەبێت مووچەی گشتی و/یان یونیڤێرساڵ کرێدیت حساب بکەیت بە لەخۆگرتنی هەر یارمەتییەکی نیشتەجێبوون کە وەریدەگریت یان کە سەیرت کردووە و شمولی دەکەیت.
- ڕەچاوی ناوبانگی ئاژانس بکە - سەیری هەڵسەنگاندنەکانی ئۆنلاین بکە یان ڕاوێژ لە هاورێ یان خێزان وەربگرە.
- ئاگاداری ئەو داواکارییانە بە کە دەبێت پارە بخەوێنیت بۆ ئەوەی موڵکەکە ببینیت. ئەمە کردارێکی باو نیە و ئەو پارەیە ناگەڕێتەوە ئەگەر لە داخوازینامەکەت بەردەوام نەبیت.

## دەتوانم چی هاوکارییەکی دارایی وەرگرم بۆ بەکرێگرتن؟

### ئەگەر یونیڤێرساڵ کرێدیت یان کرێدتی خانەنشینی وەردەگریت، ڕەنگە بتوانیت یارمەتی بۆ بەکرێگرتنی ماڵەکەت وەربگریت.

ئاژانسی ئۆفیسی شیاندن یەکلای دەکاتەوە ڕێەکانی دەستگیرۆییەکانی نیشتەجێبوون (LHA) چین کە بۆ حسابکردنی بەنەفیتەکانی نیشتەجێبوون بۆ ئەو کرێنشینانە بەکاردەهێنرێت ماڵ لە خاوەن موڵکە تایبەتەکان وەردەگرن. ئەم ڕێژانە لەسەر بنەمای ئەو کرێیانەن لە بازاڕی بەکرێگرتنی تایبەت کرێچییەکان دەیدەن لەو ناوچەیەی کەسەکە بەنیازە لێی بژی.

تکایە قسە لەگەڵ کارمەندی پشتگیریەکەت یان ئەفسەری نیشتەجێبوون بکە ئەگەر پێویستیی بە هاوکارییە بۆ داواکردنی ئەمە.

بۆ زانینی ئەوەی ڕەنگە شمولی چەند بکەیت، گەڕان بکە بۆ ڕێژەی دەستگیرۆیی نیشتەجێبوونی ناوخۆیی ( Local Housing Allowance Rates) بکە بە

پۆست کۆد یان دەسەڵاتی خۆجێی لە ڕێگەی ماڵپەڕی حکومەت **https://lha-direct.voa.gov.uk**

حاسیبەی **LHA Bedroom** بەکاربهێنە لە بەشی خوارەوەی ماڵپەڕەکە بۆ حسابکردنی ئەوەی ڕەنگە شموولی چەند ژووری نووستن بکەیت ئەویش بەپێی قەبارەی خێزانەکەت.

هەروەها دەتوانیت بەپێی دەسەڵاتی خۆجێی بگەڕێیت- ئێمە 'ئەنجوومەنی نۆرس ئیست لانکەشایەرین' - بۆ ئەوەی بزانیت مافی چی ڕێژەیەکت هەیە بۆ ئەو موڵکانەی قەبارەیان جیاوازە. تکایە سەرنج بدە ڕێژەکان بەپێی هەر ناوچەیەکی شانشینی یەکگرتوو گۆڕانکارییان بەسەردا دێت. خۆت بزانە مافەکانت چین لە **https://www.entitledto.co.uk**

لە ئێستادا ڕێژەی هەفتانەی LHA لە ئەنجوومەنی نۆرس ئیست لانکەشایەر وەک ئەمەی خوارەوەیە: (تا ئەپرڵی 2024)

£77.00 لە هەفتەیەکدا / £316.00 لە مانگێکدا - ڕێژەی نشینگەی هاوبەش (هەروەها شموولی خوار 35 ساڵان دەکات).

£90.90 لە هەفتەیەکدا / £393.90 لە مانگێکدا - ڕێژەی 1 ژووری نووستن.

£110.47 لە هەفتەیەکدا / £478.00 لە مانگێکدا - ڕێژەی 2 ژووری نووستن.

£120.00 لە هەفتەیەکدا / £520.00 لە مانگێکدا - ڕێژەی 3 ژووری نووستن.

£165.70 لە هەفتەیەکدا / £718.00 لە مانگێکدا - ڕێژەی 4 ژووری نووستن.

## شوێنێکت دۆزیەوەتەوە کە بەدڵتە؟ هەنگاوەکانی داهاتوو

هەندێک ئامۆژگاریی سەرپێییمان داناوە کە ئەگەر موڵکێکت دۆزیەوە چاوت لەسەر چی بێت.


### ئامۆژگارییەکانی سەیرکردنی موڵک


پێش ئەوەی بگەیتە ئەوێ:

بڕوانامەی ئەدای وزە

بزانە موڵکەکە بپێشوەختە ڕوانامەی ئەدای وزە (EPC)ی هەیە - ئەمە پێت دەڵێت چەندت لەسەر دەکەوێت کاتێک لە موڵکەکەدا دەژیت. موڵکەکان پلەی (A ) پێدەدرێت بۆ (باشترین) تاکو G بۆ (خراپترین) موڵەکەکان هەروەها نمرەیان پێدەدرێت. تا نمرەکە زیاتر بێت ئەوا پسووڵەی خزمەتگوزارییەکان کەمتر دەبێت. بۆ ئەو موڵکانەی لە ئینگلاند و وێڵزن، ڕێژەی هەڵسەنگاندی تێکڕا بریتییە لە D.

**ماڵپەڕ:** www.gov.uk/find-energy-certificate



# باجی شارەوانی (کاونسڵ)

پێشوەختە سەیری کاتیگۆریی باجی شارەوانی (کاونسڵ) بکە. ئەگەر تەمەنت 18 ساڵ یان بەرەوسەرە و موڵک بەکرێ دەگریت یان خاوەنیتی دەبێت باجی شارەوانی (کاونسڵ) بدەیت. پسووڵەی تەواوی باجی شارەوانی لەسەر لانی کەم دوو کەسی گەورە شموول دەکات کە لە موڵکەکەدا دەژین. هاوژین و هاوسەرەکان کە پێکەوە دەژین بە هاوبەشی بەرپرسیارن لە دانی ئەو پسووڵانە.
کەمکردنەوەیش بەردەستە.
ماڵپەڕ: **https://www.nelincs.gov.uk/council-tax/**

لە موڵکەکە، سەیری ئەمانە بکە:

- هەموو پەنجەرەکان دەبڵ جانم و بە کلیل دادەخرێن و دەکرێنەوە.
- هەموو دەرگاکان بە ئاسانی دەکرێنەوە و دادەخرێن.
- موڵکەکە بۆیلەری غازیی هەیە کە ڕادیێتەری هەبێت یان گەرمکەری کارەبایی کۆگای هەیە (کە لە شوقەکاندا باوە).
- شاوەر یان گەرماو بەستراوە؟
- پەڕاوی پشکنینی سەلامەتیی گاز و پشکنینی سەلامەتیی کارەبایی دەبێت نوێ بن (داواکارییەکی یاساییە).
- نیشانەی کەڕوو و قەوزە لە دەوری هەموو پەنجەرەکان، لە سووچی ژوورەکان یان لە بەشی خوارەوەی دیوارەکان هەیە؟
- هەموو بەڵۆعەکان کاردەکەن و تەوالێتەکە فلەش دەکات؟
- هەموو دەست و دەرگای کەنتۆرەکان تەواون و کاردەکەن؟
- چی ڕاخەر و ئامێرێکی تێدایە؟ ئەگەر ڕاخەر و ئامێر لە لایەن خاوەن موڵکەوە دابین دەکرێن، ئەوان بەرپرسیارن لە چاکردنەوەی ئەگەر کێشەیەک ڕوویدا. لیستێک دروست بکە بزانە چی لەخۆدەگرێت.
- ئەگەر حەوشەی هەیە، بەرپرسیارێتیی تۆ چییە بۆ ئەوەی حەوشەکە خاوێن و ڕێکوپێک ڕابگرێت؟
- هیچ پانتاییەکی پارکین هەیە یان ڕێگرییەک هەیە لە بەکارهێنانیان؟ بە واتایەکی دیکە، مۆڵەتدراویت بۆ بەکارهێنان یان نا.
- دراوسێکانت کێن؟ داوا لە بریکاری بەکێدان بکە ئەگەر ئاگاداری هەر نیشانەیەکن کە پێویست بێت تۆی لێ ئاگادار بکەنەوە، بە واتایەنی دیکە، کەلوپەلی یاری لە حەوشەکەدا.
- لە ڕۆژ و شەویشدا سەردانی موڵکەکە بکە و بزانە هەستت چۆنە کە تیایدا دەگەڕێیت.
- هیچ قوتابخانە و دووکانێک لە نزیکێتی لەوانەی تۆ پێویستت پێیانە؟
- ئایا ئاژەڵی ماڵی قبوڵ دەکەن، پارەی خەوێندراوی زیاتر پێویستە بۆ ئەوە؟
- موڵکەکە پێوانەی ئاوی هەیە؟
- چۆن پارەی خزمەتگوزارییەکان دەدەیت؟ ئایا ئەوانە لەگەڵ کرێکەدان یان نا؟



## ئاگاداری فرتوفێڵ بە

ئاگاداری فرتوفێڵی موڵک بە! هەرگیز پێشوەختە پارە نەخەوێنیت یان کرێ نەدەیت لە ڕێگەی کۆمپانیاکانی وەک وێسترین یونیەن یان بە کاش، کارتی بانکی یان حەواڵەی بانکی بەکاربێنە بۆ ئەژماری ناو بەریتانیا و هەرگیز پێش بینینی ناوەوەی موڵەکە پارە نەدەیت.

خەڵک چەندین تاکتیکی بیانوو و فشارکردن دەهێننەوە بۆ ئەوەی قەناعەتت پێ بکەن کە دەبێت بەو شێوەیە بێت، بەڵام بەگشتی ئەوانە فرتوفێڵی بواری خانوبەرەن. ئەگەر وەڵامی ڕیکلامێکی سۆشیاڵ میدیا دەدەیتەوە، سەیری پرۆفایلەکەیان بکە. ئایا لەو ناوچەی تۆ نیشتەجێن یان لە دەرەوە؟ پرۆفایلەکەیان چیت پێ دەڵێت؟

وریا بە و لەیادت بێت، ئۆفەرەکە ئەوەندە باش بوو لە ڕاستی نەدەچوو، ئەوە ڕاستی نیە! لای کەسێکی دیکە پرسیار بکە.



# واژۆکردنی ڕێکەوتنامەی بەکرێگرتنەکە و چوونە ناوی

- دڵنیابەرەوە بڕی کرێی ڕێکەوتن لەسەر کراو، لەگەڵ بڕی پارەی خەواندن و کرێکە ڕاستن.
- ناوەکەت بە ڕاستی نووسراوە، و ئایا ئەوە نشینگەیەکی هاوبەشە و ناوی هەموو منداڵەکانی تێدایە یان ڕێکەوتنێکی یەک ژووریی خانووی هاوبەشە/HMO و ئەو کاتە تەنها ناوی تۆی تێدا دەبێت و بەرپرسیارێتیی تۆ تەنها بۆ یەک ژوور دەبێت.
- پشتڕاستی بکەرەوە کە ماوەی بەکرێگرتنەکە ڕاستە و دوای ئەو کاتە چی ڕوودەدات، ئایا دەبێتە ڕێکەوتنێکی مانگ بە مانگ یان دەبێت ڕێکەوتنێکی بەکرێگرتنی نوێ واژۆ بکرێت؟
- دڵنیابەرەوە نووسخەیەکی ئەو ڕێکەوتنامەی بەکرێگرتنەت پێدەدرێت کە واژۆت کردووە.
- وە زانیاریی پاراستنی پارەی خەوێندراوت وەرگرتووە.
- ئەگەر لەسەر ڕێکەوتنی چوونە ناوی ڕێکەوتوون و دڵنیابەرەوە هەموو کلیلەکانت لایە.
- ئەگەر جەرد کراوە، بە لیستەتەکەدا بچۆرەوە و بە دەوری خانوەکەدا بگەڕێ و هەر تێبینیەکت هەیە بینیوسە کە ڕازی نابێت بنووسرێت، وێنەی زیانەکان، نیشانەکان و پەڵەکان بگرە و لە ماوەی 14 ڕۆژدا بیگەڕێنەوە بۆ خاوەن موڵک یان ئاژانسی بەکرێدان، نوسخەیەک لای خۆت هەڵبگرە. تکایە ژمارەی پێوەری ئاوەکە و گاز /کارەباکە وەربگرە لەو کاتەدا بۆ ئەوەی بتوانیت لای دابینکەرەکەت تۆماری بکەیت.
- دڵنیابەرەوە کلیل و /یان کۆدەکات لایە بۆ هەموو دەرگا، گەراج، زەنگی ئاگادارکرندەوە، هتد و بە باشی کاردەکەن.
- دڵنیابەرەوە بڕوانامەی سەلامەتیی گاز و بڕوانامەی سەلامەتیی کارەباییت پێدەدرێت کە دڵنیایی دەدات هەموو ئامێرە گازییەکان و کارەباییەکانی موڵەکە پشکنینیان بۆ کراوە بۆ ئەوەی زامنی ئەوە بکەن سەلامەتن بۆ بەکارهێنان و لە دۆخێکی باشی کارکردندان.



## دەبێت پارەی چی پسووڵەیەک بدەم؟

باجی شارەوانی (ئارەزوومەندانە نیە)

ئەگەر تەمەنت 18 ساڵ یان بەرەوسەرە و موڵک بەکرێ دەگریت یان خاوەنیتی دەبێت باجی شارەوانی (کاونسڵ) بدەیت.
پسووڵەی تەواوی باجی شارەوانی لەسەر لانی کەم دوو کەسی گەورە شموول دەکات کە لە موڵکەکەدا دەژین. هاوژین و هاوسەرەکان کە پێکەوە دەژین بە هاوبەشی بەرپرسیارن لە دانی ئەو پسووڵانە. ئەگەر کەسێکی گەورەی سەڵتیت و لە خانوویەکدا دەژیت، شموولی 25% داشکاندن دەکەیت، ئەویش دەبێت داوای بکەیت و ئۆتۆماتیکی لە پسووڵەکەت داناشکێنرێت. ئەگەر داهاتت کەمە، بۆ نموونە، یونیڤێرساڵ کرێدیت وەردەگریت، شموولی بەنەفیتەکانی باجی شارەوانی دەکەیت، ئەویش دەبێت داوای بکەیت.

بۆ ووردەکاریی تەواو دەربارەی ڕێژەی باجەکانی شارەوانی و داشکاندن و بەخشینی تەواوەتی کەی جێبەجێ دکەرێت:
**https://www.nelincs.gov.uk/council-tax/**

پارەی چی دەدەیت:

- خزمەتگوزارییە دامەزراوی و دیموکراتییەکان (بە لەخۆگرتنی بەنەفیتەکانی نیشتەجێبوون)
- پاراستنی ژینگە.
- پارمەتیدان لە گەشەکردنی ئابووریی ناوخۆ.
- دامەزراوەکانی کاتبەسەربردن و تەندروستیی گشتی.
- خزمەتگوزاریەکانی منداڵان و خێزانەکان
- خزمەتگوزارییەکانی گەورەساڵان.
- بەشداری لە پاراستن.
- کۆمیشنەری پۆلیس و تاوان بۆ هەمبەرساید.
- دەسەڵاتی ئاگرکوژێنەوەی هەمبەرساید.
- Parish Precepts.
- بودجەکانی دیکە.

ئاو (ئارەزوومەندانە نیە)

### دابینکەری ناوخۆیی ئێمە ئەنجیلان وەتەرە و ڕەنگە بتەوێت پرسیاریان لێ بکەیت ئایا موڵکەکە لەسەر پێوەری ئاوە یان نا.

ئەگەر پێوەری ئاو بەکاربهێنیت یان خانەوادەیەکی بچووکت هەبێت، پارەی ئاوت بۆ دەگەڕێتەوە. ڕەنگە پێویستت بەوە بێت پرسیار لە خاوەن موڵک/ئاژانس بکەیت کە ڕێگەت دەدات بیگۆڕیت بۆ پێوەری ئاو یان نا. کە دانرا ناتوانیت بیگۆڕیتەوە یان وەک خۆی لێ بکەیتەوە.

هەرچەندە زۆربەی موڵکەکانی نۆرس ئیست لانکەشایەر لای ئەنجیلان وەتەرن، دەتوانیت کەرستەی پاراستنی ئاو بە ئۆنلاین داوا بکەیت بۆ ئەوەی پسووڵەکانی ئاو لە دابینکەری گەرمەکەی خۆمان کەم بکەیتەوە:

ئاوی یۆرکشایەر https://www.yorkshirewater.com/your-water/save-water/

هەروەها چەند شتێک هەیە دەتوانیت لەماڵەوە بیانکەیت بۆ پاراستنی ئاو،

- لە کاتی شۆردنی دانەکانت بەلۆعەکە بە کراوەیی بەجێمەهێڵە، بیگرەوە و بیکەرەوە بەپێی پێویستی.

- لە کاتی قاپ شۆردن، سینکەکە ئەوەندە پڕکە کە پێویستە نەک بە درێژایی ماوەی شۆردنەکە بەلۆعەکە بکەیتەوە،
- چاوەڕێ بکە تا هەموو قاپەکان بە بڕی زۆر کۆدەبنەوە نەک بە بڕی بچووک بیانشویت.
- تەنها ئەو بڕوە ئاوە بکوڵێنە کە پێویستە کە کرتیەکە بۆ ئەوەی ئەم هاو و هەم وزە بپارێزیت.
- خۆشۆدنی ماوەدرێژ مەکە.

کە دەچیتە ناو ماڵەکەت، دەبێت ئەنجیلان وەتەر ئاگادار بکەیتەوە https://www.anglianwater. co.uk/account-and-bill/moving-home/tell-us-you-are-moving/moving-home-form/

دەتوانیت بە ئۆنلاین پارەی پسووڵەکانت بدەیت، ئەویش بە دایرێکت دێبت یان کاتێک پسوڵەکانت وەردەگریت.

دەتوانن پاڵپشتیت بکەن ئەگەر کێشەت هەیە لە دانی پسووڵەکانت. تکایە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ئەنجیلان وەتەر بکە ئەگەر پێویستت بە یارمەتییە. هەروەها چەندین جۆری کرێیان هەیە بۆ تاک و خێزانانەی داهاتیان کەمە. داوای هەڵسەنگاندنیان لێ بکە.

## گاز و کارەبا (ئارەزوومەندانە نیە)

**مولّکەکان ڕەنگە گاز و کارەبا یان تەنها کارەبایان بۆ دابین کرابێت. نرخی گاز و کارەبا لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوو بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیان کردوە بەهۆی دۆخی جهیان.**
ڕەنگە ساڵی دادێ گرانتر ببێت.

تۆ خۆت لە پارەی گاز و کارەبا بەرپرسیاریت، بەڵام بە ڕێگای جیاواز. خاوەن موڵکەکەت ڕەنگە وەک بەشێک لە ڕێکەوتننامەی بەکرێدان وەری بگرێت. سەرەڕای ئەوە، باوترین شێوازی پارەدانی پسووڵە ئەمانەن:

1. پێوانەی پێش پارەدان
2. دایرێک دێتی مانگانە.
3. وەرزانە کاتێک پسووڵە وەردەگریت.

### پێوانەی پێش پارەدان:

ئەگەر پێوانەی پێش پارەدانت هەبێت، دەبێت سەیری بکەیت پێوانەی سمارتە یان جۆرە کۆنەکانی کلیلە.

ئەگەر جۆرە کۆنە کلیلەکەیە، پێویستت بە کلیلی کارەبایی و کارتی گاز دەبێت بۆ پڕکردنەوەی پێوانەکەت بە دەستی خۆت لەو دووکانانەی لۆگۆی Payzone و Paypoint داناوە.

دەتوانیت لێرەوە نزیکترن دووکان بدۆزیتەوە:

https://www.payzone.co.uk/

https://www.paypoint.com/






**ئەگەر پێوانەی سمارتت هەیە، دەتوانیت بە ئۆنلاین 7/24 یان لە ڕێگەی ئەپی کۆمپانیاکەن لەسەر ئەژمارەکەت پڕیی بکەیتەوە.**

خاوەن موڵەکەت هاوکاریت دەکات لە شوێنی پێوانەکە و ڕەنگە کلیل/کارتێکت پێ بدات. سەرەڕای ئەوە، ڕەنگە پێویستت بەوە بێت داوای دانەیەکی نوێ بکەیت لە دابینکەرەکەت و بە پرۆسەی چالاککردندا بڕۆیت ئەویش بە بەکارهێنانی ئەو کۆدەی لە لایەن دابینکەرەکت پێت دراوە و دووکانێک پەیدا بکەیت کە کلیل/کارتی خاڵیی داپینکەرەکەتی هەبێت. هەندێکیان دۆزینەوەیان لەوانی دیکە ئاسانترە و ڕەنگە پێویست بکات داوای بکەیت پۆست بکرێت بۆ ماڵەکەت.

دڵنیابەرەوە داوای ڕێنمایی ڕوون دەکەیت کە چی بکەیت و ئەو ڕێنماییانە بنووسە، بۆ ئەوەی تەلەفۆن بۆ دابینکەرەکە نەکەیتەوە.

بژاردەی کرێدتی هاوڕێیانە و کرێدتی کتوپڕ هەیە، بۆ هەر دابینکەرێک ئەوانە جیاوازن. هەندێکیان قەرزی کرێدت و کاتژمێری کرێدتی هاوڕێیانەیان هەیە لە ڕێژەی ئەژمارێکی ئۆنلاین. دابینکەرەکانی دیکە تا
£10 کرێدتی کتوپڕ دابین دەکەن و لەسەر پێوەرەکە چالاک دەکرێت (ئەوەیش بەپێی دابینکەرەکە).

## دایرێکت دێبت (Direct Debit)

ئەگەر بە دایرێکت دێبت پارە بدەیت، هەموو مانگێک هەمان بڕ دەبێت و لە ماوەی مانگەکانی هاوین ئەژمارەکەت دەخەیتە سەر کرێدت بۆ ئەوەی یارمەتیت بدات لە ماوەی مانگەکانی زستان بتوانیت نرخی بەرزبوونەوە بدەیت. ئەمە شێوازێکیی باشە بۆ ئەوەی بزانیت چۆن مانگانە مامەڵە لەگەڵ داهاتی خۆت دەکەیت. ئەگەر دابینکەرەکە بزانێت پارەی پسووڵەکانت نادەیت، ئەو برە پارە زیاد دەکەن و بە ئیمێڵ ئاگادارت دەکەنەوە.

## تێچووە جێگیرەکان

لە هەموو حاڵەتەکاندا، تێچووە جێگیرەکان بۆ گاز، ئاو و کارەبا کە لەسەر پسووڵەکەن دەبێت پارەی بدرێت تەنانەت ئەگەر بە درێژایی ڕۆژ هیچ وزە یان ئاویش بەکارنەهێنیت. ئەو تێچووە جێگیرانە بۆ سیانە و دانانی کەرەستەی پێوانەکەن.

ئەگەر پێوەری پێش پارەدانت هەیە، قەرز دەکەوێتە سەرت ئەگەر پێوەرەکەت پڕنەکەیتەوە و ئەمەیش لە پڕکردنەوەی داهاتووت دەبرێت.

دەتوانیت لە ڕێگەی بەکارهێنانی پێوەری زیرەک و ئەژماری ئۆنلاینەکەت چاودێریی بەکارهێنانەکەت بکەیت، هەروەها ئاگات لە پارەدان و برەکانی دایرێکت دێبت (Direct Debit) بێت.

## چۆن پێوەرەکەت بخوێنیتەوە

ئەگەر جگە لە پێوەری زیرەک شتێکی دیکەت هەیە، دەبێت پێوەرەکەت چەند جارێک لە ماوەی ساڵەکەدا بخوێنرێتەوە. ڕەنگە کەسێک لە کۆمپانیای دابینکەری خزمەتگوزارییەکە بێت پێوەرەکەت بۆ بخوێنێتەوە، یان ڕەنگە داوات لێ بکەن خۆت بۆیان بخوێنیتەوە. شتێکی گرنگە ئەو داواکارییانە فەرامۆش نەکەیت چونکە یارمەتیت دەدات ئەژمارەکەت بە تازەیی بهێڵیتەوە و ئاگادارت دەکات ئەگەر پارەدانەکانت پێویستیان بە گۆڕان بێت.

## خزمەتگوزارییەکانی تەلەفزیۆن و پەخش (ئارەزوومەندانەیە)

لە شانشینی یەکگرتوو، هەر خانەوادەیەک ئامێرێکی هەیە ( تەلەفزیۆن، کۆمپیوتەر، لاپتۆپ، تابلێت، کۆنسۆڵی یاری یان بۆکسی دیجیتاڵی) کە دەتوانێت وێنەی پەخشی ڕاستەوخۆ وەربگرێت، دەبێت مۆڵەتی تەلەفزیۆنی هەبێت. تەنها یەک مۆڵەتی تەلەفزیۆنمان دەوێت بۆ هەر خانەوادەیەک، تەنانەت ئەگەر زیاتر لە ئامێرێک لەوانەی سەرەوە بەکاربهێنین. ماڵپەڕ: [www.tvlicensing.co.uk](http://www.tvlicensing.co.uk)

مۆڵەتی تەلەفزیۆن £169.50 لە ساڵێکدا تێدەچێت (ئەمە تا ئەپریلی 2024 دروستە). دەتوانیت بە جارێک بیدەیت، بەڵام زۆربەی خەڵک دابەشی دەکەن بە دایرێکت دێبت ) (Direct Debit) £28.25 بۆ 6 مانگی یەکەم، دواتر £14.12 بۆ هەر مانگێک).

### لایف تی ڤی ( Live TV) چییە و پێویستم بە مۆڵەت هەیە بۆی؟

لایف تی ڤی واتە هەر بەرنامەیەک کە تەماشای دەکەیت یان تۆماری دەکەیت کاتێک لەسەر تەلەفزیۆن یان ڕاستەوخۆ لەسەر هەر خزمەتگوزارییەکی تەلەفزیۆنیی ئۆنلاین پەخش دەکرێت. مەرج نیە تەنها ئیڤێنتێکی ڕاستەوخۆی وەرزشی،هەواڵی یان گۆرانی بێت. هەموو پرۆگرامەکان لەسەر هەر کەناڵێک، بە لەخۆگرتنی سۆپ ئۆپێرا، زنجیرە، بەڵگەنامەکان و تەنانەت فلیمەکانیش دەگرێتەوە.

### ئەگەر تەماشای Live TV دەکەیت، دەبێت مۆڵەتی تەلەفزیۆنت هەبێت:

- ئەگەر سەیری تەلەفزیۆن یان زنجیرەی تەلەفزیۆنیی ئۆنلاین دەکەیت.

- بۆ هەموو کەناڵەکان، نەک تەنها BBC.
- ئەگەر پرۆگرامێک تۆمار بکەیت و دواتر تەماشای بکەیتەوە
- ئەگەر پرۆگرامێک دوابخەیت و دواتر سەیری بکەیت
- تەماشای دووبارەی بکەیتەوە یان تۆماری بکەیت
- بۆ تەماشاکردن یان تۆمارکردنی پرۆگرام لەسەر کەناڵەکانی +1، +2، +24
- بۆ تەماشاکردنی پرۆگرامی ڕاستەوخۆ لەسەر خزمەتگوزارییەکانی ڕێد بەتنز
- ئەگەر پێشتریش خۆت پارەی کەیبڵ، سەتەلایت، یان خزمەتگوزارییەکانی دیکەی تیڤی دەدەیت

## پێویستم بە مۆڵەتی تەلەفزیۆن هەیە بۆ تەماشاکردنی ئۆنلاین، بە لەخۆگرتنی یوتیوب؟

پێویستت بە مۆڵەتی تەلەفزیۆن نیە بۆ تەماشاکردنی ڤیدیۆ و کلیپ بەپێی داواکاریی خۆت لە یوتیوب. بەڵام دەبێت مۆڵەتی تەلەفزیۆنت هەبێت ئەگەر لە یوتیوب تەماشای پرۆگرامی تەلەفزیۆنیی ڕاستەوخۆ بکەیت. بۆ نموونە، ئەگەر تەماشای ڕاستەوخۆی Sky News بکەیت. بەڵام تەنها هەواڵ یان وەرزشی ڕاستەوخۆ نیە کە پێویستی بە مۆڵەتە - هەر پرۆگرامێک کە بەشێک بێت لە کەناڵی تەلەفزیۆن، یان پەخش و بڵاو بکرێتەوە بۆ هەموو کەسێک تا لە هەمان کاتدا تەماشای بکەن.

## ئەگەر تەماشای ئەو کەناڵانە بکەین بەریتانی نین، پێویستم بە مۆڵەت هەیە؟

بەڵێ، پێویستت بە مۆڵەتی تەلەفزیۆن هەیە بۆ ئەوەی تەماشای هەر کەناڵێکی ڕاستەوخۆ (پەخش یان ئۆنلاین) بکەیت، تەنانەت ئەگەر لە دەرەوەی بەریتانیا بن. ئەمە شموول دەکات بەبێ گوێدانە ئەوەی چی ئامێرێک بەکاربهێنیت.

## دەتوانم داشکاندن وەربگرم؟

- ئەگەر تەمەنت 74 ساڵ و بەرەوسەرە و خۆت، یان هاوژینەکەت لە هەمان ناونیشان دەژین کە کرێدتی خانەنشینی وەردەگرن، دەتوانن مۆڵەت بەبێ بەرامبەر وەربگرن.
- ئەگەر لە خانەی چاودێریت یان شێلتەریت، ڕەنگە بتوانیت نرخی داشکێندراو بدیەت کە یەکسانە بە £7.50.
- ئەگەر نابینایت (یان کێشەی بینایی سەختت هەیە) دەتوانیت داوای ئەوە بکەیت نیوەی نرخی مۆڵەت بدەیت (£79.50).
- ئەگەر سەیری تەلەفزیۆنی ڕەش و سپی دەکەیت، تێچووی مۆڵەتەکەت £53.50.

## پاکێجەکانی ئینتەرنێتی برۆدباند و تەلەفزیۆن (ئارەزوومەندانەیە)

### ئەگەری هەیە پێویستت بە دامەزراندنی ئینتەرنێت بێت بۆ ماڵەکەت و زۆرجار ئەمە بە لەگەڵ پاکێجی تەلەفزیۆن دەفرۆشرێت.

ئەمانە هەندێک ئامۆژگارین

- بزانە ئۆفەری 'بانگهێشتکردنی هاوڕێ'یان هەیە، بۆ نموونە، هەندێکیان ڕەنگە ئۆفەری باشیان هەبێت بۆ بەشداربووی نوێ و بەشداربووی هەنووکەیی کە بانگهێشتت دەکەن. (بەپێی بەردەستی)
- ئۆفەرەکان زۆرجار 6،12، یان 18 مانگ بەردەوام دەبن و دواتر نرخەکان بەرز دەبنەوە.



- ئاگاداری ئەوە بە ئۆفەری بەشداربووی نوێ کەی بەسەردەچێت و پەیوەندی بە کۆمپانیاکەوە بکە و بزانە ئۆفەری تازەیان هەیە یان نا.
- نرخەکان لە £25-£80 مانگانە دەگۆڕێن و هەندێک جار کرێی دانان و بەستنیش لەخۆدەگرن.
- بزانە لە ڕێگەی دابینکەری مۆبایلەکەت هیچ ئۆفەرێک وەرناگریت، بۆ نموونە بەشداربووانی O2 ئینتەرنێتی سوپەرچارج بێبەرامبەر لە ڕێگەی ڤیرجن میدیا وەردەگرن.
- هەروەها دەتوانیت فری ڤیو بۆکس بکڕیت کە کەناڵی تەلەفزیۆنیی دیجیتاڵی بۆ نزیکەی 50 کەناڵ دابین دەکات.
- ماڵپەڕەکانی بەراوردکاری بەکاربهێنە بۆ دۆزینەوەی باشترین ئۆفەر. (ئەمانە چەند نموونەیەکن)

https://www.uswitch.com/broadband
https://www.moneysavingexpert.com/compare-broadband-deals
https://www.comparethemarket.com/ps/broadband

---

## ڕاخستنی ماڵە تازەکەت

ماڵەکەت ڕەنگە هەندێک ڕاکخەر و کەرستە و ئامێری تێدا بێت یان ڕەنگە هیچی تێدا نەبێت. گرنگە سەرەتا خەمی شتە بنەڕەتییەکان بخۆیت - شوێنی لێنان، خواردن، خەوتن و دانیشتن. دواتر بە تێپەڕبوونی کات دەتوانیت هەر مانگێک شتی زیاتر زیاد بکەیت و کەرستەی زیاتر بکڕیت بەو پارەی کە پاشەکەوتت کردووە.

بۆ دۆزینەوەی کەرستەی هەرزانتر، سەیری دابینکەری جیاواز، فرۆشگا خێرخوازییەکان یان مارکێتپلەیسی فەیسبووک یان پەڕەکانی فرۆشتن بکە وەک:

- **Cleethorpes Swaps & Sales**
- **Grimsby Swaps & Sales**
- **Free Stuff in Grimsby and Cleethorpes**
- **Free Stuff in Grimsby / Cleethorpes**
- **Stuff For Free Give It Away Free Grimsby & Cleethorpes**
- **Free To Good Home In GRIMSBY, CLEETHORPES & IMMINGHAM**

دەتوانیت لەوێ پۆست بکەیت و داوای ئەو شتانە بکەیت کە دەتەوێن. تکایە سەرجی ئەوە بدە زۆربەی فرۆشیاران گەیاندنیان نیە، بۆیە دەبێت خۆت ئامادەکاری بکەیت تا خۆت شتەکان بێنیت و خزمەتگوزاریی ڤان بەکاربهێنیت.

لە هەندێک بارودۆخدا، خزمەتگوزاریی پەنابەرانی نۆرس ئیست لانکەشایەر ڕەنگە یارمەتیت بدەن لە ڕاخستنی ماڵەکەت. زۆربەی ئەو شتانەی دابین دەکرێن کاڵای دەستیی دووی کوالیتی بەرزن. تکایە قسە لەگەڵ ارمەندی پاڵپشتیت یان ئەفسەری نیشتەجێبوونت بکە بۆ ووردەکاریی زیاتر. ئەگەر پارەی ئەو شتانە نەدەیت، بودجەیەکی باشترت بۆ دەمێنێتەوە بۆ کڕینی کاڵای دیکەی وەک پەردە، تاوە و قاپلەمە و قاپ و کەوچک، پێخەف، تی ڤی.



# شتی ڕاست سەلەی ڕاست



## سەلەی شین

کارتۆنەکان تەخت بکە. دڵنیابەرەوە کارتون یان کاغەزەکەت پاک و وشکن.

کاغەز و کارتۆن لە بەریتانیا ڕیسایکل دەکرێن.

## بەڵێ تکایە



بۆکسی کارتۆن

(هەموو پۆلیسترین،
بەرگیی بلَقاوی و
بەرگەکانی دیکە لابە )



نامە، پەڕەی تێبینی
تیوب و بەرگی پاکێج



ڕۆژنامە
و زەرفەنامە و گۆڤار

(پەنجەرە و بێ پەنجەرە)




مەیلی بێسوود

(مینو وناملکە هتد)



پەڕەی ووردکراو

(لە کەیسەی پلاستیدا نەبێت)




کارتی پیرۆزبایی و پێچانەوە

(ئەلەمنیۆم و بریسکەی نەبێت)

## نا سوپاس



سپایرۆلی دەفتەر



کارتۆنی تێرا پاک
(نم. کارتۆنی شەربەت)



کتێپ



کارتۆنی پیزا یان تەیکئەوەی

ئەگەر ڕیسایکلَین بەکاردەهێنیت، کاغەز و کارتون دەچنە ناو سەڵەی شین.




## سەڵەی ڕەساسی

بزانە شتەکان باکن. قتوو و پلاستیکەکان بقوپێنە.
پلاستیکەکان، کانزاکان و شوشەکان لە بەریتانیا ڕیسایکڵ دەکرێن.

## بەڵێ تکایە


قتوو و قاپ و قاجاخ


سینی و پەرداخ
(پلاستیکی ڕەش نا)


بوتڵی پلاستیکی


شوشە و شوشەوات


قوتووی بسکیت و شیرینی



قووتووی سپرای ناوماڵ

## نەخێر سوپاس


**نەبەقی شووشە، شوشەی شکاو، ئاوێنە یان پیرێکس**


**قووتووی بۆیە و تویێنەرەوەکان**


**بووتڵ و قاپ، کارتۆنی ئەلەمنیۆم**


**عەلاگەی پلاستیک یان پۆلیسیرین و عەلاگەی خۆڵ**

ئەگەر بۆکسی ڕیسایکڵین بەکاردەهێنیت، شوشە دەچێتە ناو بۆکسی سەوز، بوتڵی پلاستیکی، تیوب، سینی، قاپی پلاستیکی، قووتووی کانزایی دەچنە ناو بۆکسی پرتەقاڵی.

# شتی ڕاست سەڵەی ڕاست



سەڵەی سەوز

پاشماوەی ناوماڵ بەکاردەهێنرێت بۆ دروستکردنی کارەبا لە وزەی کارگەی پاشماوەکان. بەزەحمەت هیچ بەشێکی دەچێتە ناو زبڵخانەکان. پاشماوەکانت بخە ناو کیسە پێش ئەوەی بیانخەیتە ناو سەڵکەکە.

## بەڵێ تکایە



پاشماوەی لەکیسەنراوی ماڵ



عەلاگە و زەرف



کیسەی ڕەقی چیپس



پۆلیسیرین و زەرفی بڵقدار



کۆزەی پلاستیکی



دایبی و کلێنکسی تەڕ و ماسکی دەموچاو



پاکەتی خواردنی سەفەر



کارتۆنی خواردنەوە

## نا سوپاس



باتری



شمەکی کارەبایی



پاشماوەی مەترسیدار



کەرەستەی بیناسازی

تکایە ئەم کەرەستانە ببەە بۆ خاڵی ڕیسایکڵینی تایبەت.



## سەلەی قاوەیی

پاشماوەی باخچە بۆ دروستکردنی پەینی سەوزایی بەکاردەهێنرێت.
ئێمە خزمەتگوزاریی پاشماوەی باخچە بە پارە پێشکەش دەکەین. زیاتر لە 26،000 خانەوادە بەکاریدەهێنن.

وورددەیاری: www.nelincs.gov.uk/gardenwaste

## بەڵێ تکایە



گوڵ و سەوزایی



برینی پەرژینی دەوەن



گیای براو



گەڵا



میوەی وریوو



لق و پۆپە

## نا سوپاس



خاک



خۆراک



داروپەروو و پاشماوەی بیناسازی



لقی گەورە یان پارچە تەختە

پاشماوەکەت بخەرە سەڵەی سەوز (یان سەلەی پاشماوەی خۆراک) ئەگەر بەشێکی لە پرۆگرامی تاقیکردنەوە **(pilot)**. تکایە پاشماوەکانی دیکە ببە بۆ زبڵخانەکە.

# شتی ڕاست سەللەی ڕاست

زبڵەکە فڕێ بدە

دەتوانیت بێبەرامبەر زۆربەی پاشماوە یان ڕیسایکلەکانی ماڵەوە ببەیت بۆ ناوەندەکانی ڕیسایکڵینی کۆمیونیتی (**CRC** یان زبڵخانە).

زبلخانەکانی گریمسبی و ئیمینگهام ڕۆژانە لە کاتژمێر **8**ی بەیانی تا **6** ئێوارە و **8**ی بەیانی تا **4**ی دوای نیوەڕۆ لە ئێوارەی سەری ساڵ و ئێوارەی کریسمس کراوەن. لە ڕۆژانی کریسمس، بۆسین دەی و ڕۆژی سەری ساڵ داخراون.

گریمسبی لە کاتە لۆد لەسەرەکان زۆر قەرەباڵغە. لە جیاتی ئەوە ئێمینگهام تاقی بکەرەوە.

**Grimsby Community Recycling Centre**, Estuary Way, Pyewipe Industrial Estate, Grimsby, DN31 2UD

**Immingham Community Recycling Centre**, Queens Road, Immingham, DN40 1QN

ئەگەر ئۆتۆمبێلی بازرگانی، ترێلەر یان ئۆتۆمبێلی گەورە بەکاردەهێنیت (بە لەخۆگرتنی هەڵگری نەفەر، 4x4 و ئۆتۆمبێلی درێژ)، پێش سەردانەکەت فۆرمێکی ڕاگەیاندنی ئۆنلاین پربکەرەوە.

**www.nelincs.gov.uk/tip**

## پاشماوەی زۆر

ئێمە خزمەتگوزاریی پاشماوەی زۆرمان هەیە بە نرخێکی گونجاو بۆ شمەکە گەورە و کارەباییەکان. حیجزکردنی خزمەتگوزاریەکە بە ئۆنلاین ئاسانە
لە www.nelincs.gov.uk/BulkyWaste






خستنەدەرەوەیی سەلەی خۆڵەکانت

# ژمارەی ماڵەکەت لەسەر سەلەکە بنووسە.

سەلەکان تا 7ی بەیانی بخەنە دەرەوە و سەرەکانیان قەپات بکەن.



دوای ڕۆیشتنی ئێمە

سەڵلەکان ببەنەوە ژوورەوە.

## ئەرکی ئاگالێبوون

ئەرکی ئێمەیە ئاگامان لەوە بێت پاشماوەکە بە شێوەیەکی بەرپرسیارانە و یاساییانە لەناودەچێت. ئەگەر پاشماوەی زۆرت هەبێت لە ناو سەلە تایەدارە سەوزەکەت، ڕەنگە مانای
ئەوە بێت وەکو پێویست ڕیسایکڵین ناکەیت. ئەم ڕێبەرییە ببینە تا بزانیت دەتوانیت چیی دیکە ڕیسایکڵ بکەیت. ڕەنگە غەرامە بکرێیت ئەگەر پاشماوەی زیادە لە سەلە تایەدارەکەت یان بۆکسەکانی ڕیسایکڵین بەجێبهێڵیت. ئەگەر ماڵەکەت لە خاوەن موڵکێکی تایبەت بەکرێ وەردەگریت، خاوەن موڵەکەت دەبێت سەلەی خۆڵ و بۆکسی ڕیسایکڵیت بۆ دابین بکات.

باشترین ئامۆژگارییەکان بۆ سێرڤسی خانوو

# ڕاپۆرتدانی چاککردنەوە، سکاڵا و ڕازاندنەوە

**خاوەن موڵکەکەت/بریکاری بەکرێدانەکەت بەرپرسیارین لە ئەنجامدانی چاککردنەوەی موڵکەکەت و هەر ئامێرێکی دیکە کە خۆیان دابینی دەکەن.**

زۆر گرنگە خۆت هەوڵی چاککردنەوەی ئامێرە گازی و کارەباییەکان نەدەیت لە ماڵەوە. ئەگەر وابکەیت، ڕەنگە پارەی تێیچێت بۆ تۆ و دواتر کەسێکی پسپۆڕ بێت کارەکەت چاکبکاتەوە و ئەوەیش ڕەنگە کاریگەریی لەسەر بیمەی ماڵی خاوەن موڵکە هەبێت.

خاوەن موڵکەکەت بەرپسیارە کە زامنی ئەوە بکات گەرمی، ئاوی گەرم، شوێنی خۆشتن و تەوالێتی باشت هەیە. ئەگەر لە ماوەیەکی زەمەنیی گونجاودا کاری چاککردنەوەی پێویست ئەنجام نەدەن، یان ئامادەکارییەکی جێگرەوەی دروستت پێ نەدەن، مافی ئەوەت هەیە بیگەنێت بە ئەنجوومەنی نۆرس ئیست لانکەشایەر بۆ ئەوەی دەستبەکاربن.

**ماڵپەڕ:** **[www.nelincs.gov.uk/report-it](www.nelincs.gov.uk/report-it)**

پێشنیازی ئێمە وایە یەکەمجار هەوڵ بدەیت کێشەیە لە نێوان خۆت و خاوەن موڵکەکە چارەسەر بکەیت پێش ئەوەیی سکاڵای فەرمی تۆمار بکەیت بۆ ئەوەی گرژیی زیاتر نەکەوێتە نوێان تۆ و بریکاری بەکرێدانەکە.

دەبێت داوا لە خاوەن موڵک/بریکاری بەکرێدان بکەیت کە ئەساییە موڵکەکە بڕازێنیتەوە و ڕەنگە مۆڵەتت پێبدەن ئەگەر موڵکەکە بگەڕێنیتەوە سەر دیکۆری ئەسڵی خۆی کاتێک باردەکەیت. خاوەن موڵەکەکان زۆرجار بۆ بۆیەی ڕەش و سوور ڕازی نابن چونکە قورسە بۆیاخیان بەسەردا بکەیتەوە.

نابێت هیچ دەستکارییەکی هەیکەلیی گەورە بکەیت لە موڵکەکە یان کەرەستە جێگرەکان لاببەیت.

ئەگەر هەر کێشەیەکت لەگەڵ دراوسێکان هەیە، ئەگەر خاوەن موڵک/بریکاری بەکرێگرتنیان دەناسیت، ڕاستەوخۆ پەیوەندییان پێوە بکە لە پێشدا.

ئەگەر پێویستت بە هاوکاریی زیاتر هەیە، دەتوانیت پەیوەندی بە تیمی هەڵسوکەوتی دژە کۆمەڵایەتی (ASB) بکەیت لە NELC.
ماڵپەڕ: **[https://www.nelincs.gov.uk/keeping-our-area-clean-and-safe/](https://www.nelincs.gov.uk/keeping-our-area-clean-and-safe/)**

ئەگەر پێویستت بە ڕێوشوێنی ئاسایشی زیاتر هەیە بۆ ماڵەکەت، تکایە داوا لە ئەفسەری پاڵپشتیت بکە ڕەوانەکردنت بۆ بکات بۆ تیمی کۆمیونیتیی سەلامەتتر. ڕەنگە کەرەستەی وەک زەنگی دەرگا و پەنجەرەت پێ بدرێت.

## ئاوی گەرم و گەرمی نیە؟

یەکەمجار بزانە پێوەری گاز /کارەبا کرێدتی تێدایە و دواتر  ئەم هەنگاوانە تاقی بکەرەوە.

1. سەیری ژمارەی کێچی بۆیلەرەکە بکە؛ نزیکە لە 0؟ ئەمە مانای ئەوەیە پەستان کەمە و دەبێت پری بکەیتەوە. بۆیلەرەکەت زمانەیەکی ڕەشی بچووکی هەیە کە بەلای ڕاست و چەپدا دەڕوات، ئەمە بۆ کردنەوە و داخستنی بەلوعەکەیە. بیکەرەوە بۆ زیادکردنی پەستان و سەیری ژمارەی سەر گێجەکە بکە کە بەرزتر دەبێتەوە بۆ ناوچە سەوزەکە، دواتر دووبارە بەلۆعەکە دابخە. دەبێت لەیادی نەکەیت کە بەلۆعەکە دابخەیت، ئەگینا بەردەوام دەبێت لە زیادکردنی پەستان و زیان دەگەیەنێت.





## 2. سەیری ڕادێتەرەکان بکە، هەڵکراون؟

ئایا لە سەرەوە گەرمن بەڵام لە خوارەوە گەرم نین؟ ئەمە واتە لیتەی تێدا کۆبووەتەوە. دەبێت بە خاوەن موڵەکە بڵێیت کە دەبێت پاکی بکەنەوە. هەندێک جار ڕادێتەرەکان تەنها پێویستیان بە دەرکردنی هەواکەی هەیە. دەتوانیت بە نرخی هەرزان بەلوعەی ڕادێتەر بکڕێت و هەواکەی دەربکەیت. دڵنیابەرەوە سەتڵێکت پێیە بۆ گرتنەوەی ئەو ئاوەی دەردەچێت.

3. بۆیلەرەکە داگیرساوە؟ ئەمە بەگشتی بە گڵۆپی سوور دیاریدەدات لەسەر بۆیلەرەکە، نەک سەوز یان پرتەقاڵی. هەوڵ بدە لە سویچەکەوە بۆیلەرەکە هەڵبکەرەوە، چەند چرکەیەک ڕابیگرە پێش ئەوەی بەرەڵای بکەیت.

4. ئایا ئاوی گەرم کاردەکات، بەڵام گەرمی ناکات یان بە پێچەوانەوە؟ ئەمە ڕەنگە بەلۆعە گۆڕەرەکە بێت. دەبێت پەیوەندی بە ناوەندی خزمەتگوزاری بکەیت بۆ ئەوەی ئەندازیارێک بێتە ئەوێ.

5. هیچ لیچوونێک لە ڕادێتەر یان بۆیلەرەکە هەیە؟ دەبێت پەیوەندی بە خاوەن موڵکەکەت بکەیت بۆ چاککردنەوەی هەر لیچوونێت، بەڵام دڵنیابەرەوە هەر کە لیچوونێکت بینی ڕادێتەرەکە بکوژێنەرەوە بۆ ئەوەی ئاو زیان بە ئەرز و دیوارەکان نەگەیەنێت. ئەگەر مەترسیی لافاو هەبوو بەهۆی لیچوونی گەورە، لە هەر شوێنێکی ماڵەکە، دەبێت ئاوەکە لە قوفڵەکەوە بگریتەوە. ئەمە بەگشتی لەژێر سینکەکەدایە، وەک بەلۆعە یان ڤاڵف وایە و ڕەنگە بەلۆعەیەک یان قوڵێکی شینی هەبێت.



6. هەست دەکەیت لە شوێنێکی ماڵەوە بۆنی گاز دێت؟ سەیری قوڵی بەلوعەی زەردی سەر بۆیلەرەکە بکە بۆ ئەوەی سەرچاوەی گازەکە بکوژێنیتەوە و دەستبەجێ تەلەفۆن بۆ Northern Gas Works بە ژمارە 999 111 0800. سەرچاوەی گازەکە بەکارمەهێنە، هیچ گڕ و چەرخ و جگەرەیەک دامەگیرسێنە یان هەر کەرەستەیەکی بلێسەدار یان تەباخی گاز دامەگیرسێنە. پێشتر کوژاندونەتەوە؟

**پێویستی بەوەیە بیکەیتەوە؟**



7. هەوڵ مەدە هیچ کارێکی چاککردنەوە بۆ بۆیلەرەکەت ئەنجام بدەیت، یان ڕێگە بە کەسی دیکە بدەیت جگە لەوانەی لە لیستەکەدان - ئەوە نایاساییە هیچ کەسێکی دیکە کار لەسەر ئامێری گاز بکات مەگەر ستافی ڕاهێنراو و تایبەتی **Gas Safe** نەبێت.


## شێکردن

ماڵەکانی بەریتانیا بەگشتی هەواگۆڕکێیان نیە وەک ئەوەی ڕەنگە لە وڵاتەکەی خۆت بووبێت. بەگشتی، شێکردن یان خستبوونەوە شتێک نیە نیگەرانی بیت، ئاساییە شەوە ساردەکان لە ژووری نووستن یان لە کاتی هەڵکردنی گەرمی دەربکەوێت. هۆکارەکەی ئەوەیە هەوای ناوماڵ ناتوانێت چی دیکە شێی زیاتر هەڵبگرێت. سەرەڕای ئەوە، ئەگەر بەردەوام دروست دەبێت و لەسەر دیوارە ساردەکانیش دەردەکەوێت، ڕەنگە کەڕوو دروست بکات. چەند ناوچەیەکی سەرەکی لە ماڵدا هەن کە ئەوە ڕوودەدەن، بەزۆری موتبەخ و گەرماو. دەتوانیت ئەمانە بکەیت بۆ دوورکەوتنەوە لە شێکردن:

ئاگاداربە کاتێک کە دەتوانیت هەواگۆڕکێ بکەیتەوە دەبێت ئەو کاتە بیکەیتەوە کە:



چێشت لێ دەنێیت



خۆت دەشۆیت



لە ژوورەوە جل وشک دەکەیتەوە

شێکردن بەگشتی لە وەرزە ساردەکان پەیدا مبێت، و نیشانە بەجێناهێلێت. لەسەر ڕووە ساردەکان و ئەو شوێنانە دەردەکەوێت کە جوڵەی کەمی هەوای تێدایە. لە سووچەکان یان نزیک پەنجەرەکان و پشت کەنتۆرەکان، کەپێوردەکان و شتی کەڵەکەکراو بەدوایدا بگەڕێ. بەزۆری بەڕووی ئەو دیوارانە دروست دەبێت ڕوویان لە باکوورە و وەک کەڕووی ڕەش دەردەکەوێت.

## دەتوانیت بەجێبەجێکردنی ئەم هەنگاوە ساکارانەی خوارەوە شێکردن لە ماڵەکەت کەم بکەیتەوە. شێی کەمتر دروست بکە

- سەری قابلەکە بنێرەوە و با کتریی گاز زۆر نەکوڵێت.
- واز لە بەکارهێنانی پارافین و گەرمکەری بێسووتەمەنیی گازی گەڕۆک بهێنە.
- جلەکانت لە دەرەوە لەسەر تەناف وشک بکەرەوە، یان لە گەرماو داینێ با دەرگاکەی داخراو بێت و پەنجەرەکەی کرابێتەوە یان ساحیبەکەی هەڵکرابێت.
- هەوڵ بدە جل لەسەر ڕادێتەر وشک مەکەرەوە؛ هەوای جل وشککردنەوە بەکاربهێنە و گەرمیەکە بکەرەوە یان پەنجەرە بکەرەوە بۆ ئەوەی ئاوەکە ناو ماڵەکە بەجێبهێڵێت لەجیاتی ئەوەی لە ژوورەوە بمێنێتەوە و بکەوێتە سەر دیوارەکان.
- لە دەرەوە غەسالەی وشککەرەوە بەکاربهێنە بۆ هەوا دەرچوون، مەگەر خۆی چرکەرەوە بێت. کەرستە کە خۆت دروستی بکەیت بۆ ئەم مەبەستە بەردەستە.

## هەواگۆڕکێ بکە بۆ لابردنی شێ

- کردنەوەی پەنجەرەی ژووری نووستنەکەت بۆ ماوەی 15 خولەک هەموو بەیانییەک ڕێگە بە دەرچووی ئاوی ناو هەواکە دەدات.
- پەنجەرەکەیی بچووک بە کەمی بکەرەوە یان هەواگۆڕکیی پەنجەرەکە بکەرەوە کاتێک کەسێک لە ژوورەکەدایە.
- لە کاتی بەکارهێنان با هەوای موتبەخ و گەرماو دەربچێت، ئەویش بە کردنەوەی زیاتری پەنجەرەکە یان هەڵکردنی ساحیبە ئەگەر پەنجەرەی نیە.
- فەرگای موتبەخ و گەرماو دابخە کاتێک کەسێک بەکاریان دەهێنێت، تەنانەت ئەگەر موتبەخ یان گەرماوەکەت ساحیبەیشی هەبێت. داخەری دەرگا ڕێگری لە گەیشتنی شێ بە ژوورەکانی دیکە دەکات، بەتایبەتی گەرماو کە زۆربەی جار ساردترە و ئاسانتر شێ دەکات.
- کەوای ناو کەنتەر و کەپێوردەکان بگۆڕە. زۆر شتیان تێدا دامەنێ چونکە ڕێگەی لە سووری هەوا دەکات.
- بۆشاییەک لە نێوان پشتی کەنتۆرەکە و دیوارەکە بەجێبهێڵە و شتی زۆری تێدا دامەنێ. ئەگەر دەگونجێت، کەنتۆر و مۆبیلیاتەکان پاڵ بدە بە دیوارەکانی ناوەوە.
- شمەکی یاری، جلوبەرگ، بۆکس بە دیوارەکەوە بەرزمەکەرەوە چونکە کە ڕێگری لە شێکە دەکات لە ژوورەکەدا بسوڕێتەوە.
- لە ماوەی مانگەکانی سەرمادا گەرمکەرەوە بەردەوام دابگیرسێنە بۆ ئەوەی ماڵەکە گەرم بێت و لەیادی نەکەیت ئەو ژوورانەیش گەرم بکەیت کە زۆر بەکاریان ناهێنیت.



**هۆکارەکانی دیکەی شێکردن**

- بزانە پەنجەرەکان لە لای لاستیکی کەپسکردنەکەوە لیچوونیان نیە و لاستیکیان پێوەیە، ئەگینا هەوای دەرەوە دێتە ژوورەوە.
- بزانە هێڵی کاشییەکان لە گەرما و شاوەرەکە و دیوارەکەی بەینی زۆرە و کونی تێدایە یان نا، ئەگەر بۆشاییان تێدایە، ڕەنگە ئاو تیایدا گیربخوات.
- بزانە سسیستمی باراناوی دەوری سەرەوەی خانو یان بیناکە چۆنە، ئەگەر گەڵا، پیسی، هێلانەی چۆلەکە گرتبێتی، دەبێتە هۆی ڕژانی ئاوی باراناو و ئاوەکە بە دیوارەکەدا دێتە خوارەوە. ئەگەر درزێک لە بۆرییەکان هەبێت، ئاوەکە بەسەر دیوارەکەدا دەڕژێت. هەر بە سەیریکردنی شوێنی زیانپێگەیشتوو لە ماڵەکەت و سەیرکردنی شوێنی دەرەوەی دیوارەکە دەتوانیت لێی دڵنیابیتەوە.
- بزانە سووچەکان (سوچی نێیوان خشتەکان) لە ڕووی دەرەوەی بیناکە بۆشایی زۆر یان کونی تێدا نیە، ئەگەر وابێت هەوای دەرەوە دێتە ژوورەوە.
- سەیری دەرگای پێش و دوا بکە، ئەگەر هەر بۆشاییەک هەبێت لە چوارچێوەیە، هەوای دەرەوە دێتە ژوورەوە.

## چارەسەرکردنی شێکردن

ئەگەر کێشەی کەڕووت هەیە:

تەنها خۆت ئەو کەڕووە لابە بەهۆی شێوە دروست بووە و ڕووبەرەکەی کەمترە لە 1 مەتر چوارگۆشە (**1x1** مەتر یان **3x3** پێ) بە تێکڕا.

- سەتڵێک پڕ بکە لە ئاو و پاککەرەوەی سووک، وەک شلەی شۆردن یان سابوونی دەستشتن یان جلشتن.
- خاولیەک بکە بە ناو کەفاوەکە و بە ووریایی کەڕووەکە لە دیوارەکە بکەرەوە. وریا بە، فڵچەی لێ نەدەیت، چونکە سپۆڕی کەڕووەکان بڵاو دەکاتەوە.
- کە تەواو بوویت، خاولییەکی وشک بەکاربهێنە بۆ لابردنی شێی دیوارەکە، خاولیەکە بخە ناو عەلاگەیەک و بیخە تەنەکەی خۆڵ.
- هەموو ڕووەکانی ژوورەکە دەبێت بە وریایی پاکبکرێنەوە، چی بە سڕین یان گسکدان، بۆ ئەوەی هەموو سپۆرەکان لاببەیت. دەتوانیت لە زۆربەی دووکانە ناوخۆییەکان شلەی دژە کەڕووی تایبەت بکڕیت.



# گیرانی دەرەچەی ئاو

زۆربەی گیرانەکان بەهۆی هەڵسوکەوتی خۆمانەوە دروست دەبن، وە دەتوانیت لە سەرەتاوە بە دوورکەوتنەوە لەو خووانە ڕێگرییان لێ بکەین

مەیکە

مەیک ئەپ/کلێکسی سڕین فلەش مەکەرە ناو تەوالێت

بەرهەمی پاککەرەوە فلەش مەکەرە ناو تەوالێت

ڕێگە مەدە هەوا لە سۆندەی شاوەر/سینگ کۆببێتەوە

تۆپەڵە موو فلەش مەکەرە ناو تەوالێت کە لە فڵچە و مەنهۆڵەکان دەریدەکەیت

خواردنی زیادە مەکەرە ناو سینکی مەتبەخ

جگەرە مەکەرە ناو تەوالێت

بیکە

موو لە کوونی شاوەر/سینکەکان پاکەرەوە و لە تەنەکەی خۆڵ دایبنێ خواردنی سەر قاپەکان

پاکبکەرەوە و بیانکەرە ناو تەنەکەی خۆڵ

هەوڵ بدە پەمپ بدەیت لە مەنهۆلەکان پێش ئەوەی تەلەفۆن بۆ وەستای ئاوەڕۆ بکەیت

مەنهۆڵ و کوونەکان لە گەڵا و پارچە پاکەرەوە بۆ ئەوەیە ئاو پڕنەبێت و بڕژێت

---

### کۆنترۆڵکردنی مێروو

ئەگەر هەست دەکەیت مێروو تێیداویت، خاوەن موڵکەکەت ئاگادار بکەرەوە بە زووترین کات بۆ ئەوەی دەستبکەن کە چارەسەرکردنی. دەسەڵاتی خۆجیی خزمەتگوزاریی کۆنترۆڵکردنی مێرووی نیە.

### دەبێت ئاگاداری چی جۆرە مێروویەک بیت

هەندێک لە مێرووەکان کە خەڵکی بەریتانیا بەزۆری کێشەیان لەگەڵی هەیە ئەمانەن:

| | |
|---|---|
| • مشک | • کێچ |
| • جرج | • جاڵجاڵۆکە |
| • ڕێوی | • سیسرگ |
| • هەنگ | • مێروولە |
| • زەردەواڵە | • کێچە سوورە |

هەم مێروانە کێشەی جیاواز دروست دەکەن و لە رووی مەترسیەوە جیاوازن بەپێی رێژەی هەستیاری و ترس بەرامبەریان. لە کاتێکدا رێوی تەنها دەچنە سەر تەنەکەی خۆڵەکە و ئەوەندە ئەترسن کە نایەکە نزیک خۆت تەنانەت ئەگەر بیشچیتە دەرەوە، بەڵام هێلانە زەردەواڵە چزەی خراپیان هەیە ئەگەر بیانئاڵسکێنیت.

گرنگە هەرچیت لە توانا هەیە بیکەیت بۆ رێگریکردن لە هێرشی مێروو، چی لە ناو و چی لە دەرەوەی ماڵ.

## لە ناوەوە

پاشماوەی خۆراک کێشەی زۆرە لە ناو ماڵەکەت. ووردە نان و پارچەیی خواردن لە موتبەخ یان ژووری میوان دەبێت پاکبکرێنەوە، هەر پاشماویەک دەبێت لە دەفری کەپس هەڵبگیرێت بۆ ئەوەی مێروولە تێینەدات. سەبارەت بە تەنەکەی خۆڵ و پاشماوەی خۆراک، تەنەکەی خۆڵ دەبێت دابخرێت یان هەمیشە کەپس کرابێت. کە پڕ دەبێت، عەلاگەی خۆڵەکە لابە و بیبە بۆ تەنەکەی خۆڵەکەی دەرەوە.

پاککردنەوە دەبێت رۆتینێکی بەردەوام بێت بۆ ئەوەی ماڵێکی خاوێنت هەبێت، بەڵام ئەگەر شتەکان خاوێن نەبن، مێرووەکان بەئاسانی بەچکە دەکەن. دڵنیابەرەوە کە کەوانتەر، مێز و زەویی موتبەخ بەردەوام پاکدەکرێنەوە بۆ ئەوەی ووردە نان و خواردن کۆنەبێتەوە. ئەگەر شپرزی لەسەر زەویی ژووری نووستن یان ژووری دانیشتن هەبێت، دەبێت بەردەوام پاکبکرێنەوە ئەگینا دەبنە شوێنی خۆشاکردنەوە و هێلانەی مێرووەکان. هەروەها دەبێت بەردەوام گسکی لێ بدەیت، نەک تەنها زەووی و رووەکان پاکدەکاتەوە، هەروەها هێلکە و مێرووەکانیش هەڵدەلووشێت.

ئەمانە چەند شتێکن دەتوانیت بیانکەیت بۆ ئەوەی رێگری لەوە بکەیت مێرووەکان هێرش بکەنە سەر ماڵەکەت:

- هەر درز و کونێک لە دیوارەکان هەبوو کە رەنگە رێگە بە هاتوچۆی مێروو و قرتێنەرەکان بدات بۆ ناو ماڵەکە، خاوەن موڵک ئاگادار بکەرەوە.
- هەر لیچوونێک چاک بکەرەوە کە رەنگە ببێتە هۆی دزەکردنی ئاو.
- کە ئاژەڵە ماڵییەکانت کات لە دەرەوە بەسەر دەبەن، بەردەوام سەیری بکە بزانە کێچی هەیە یان نا.
- خاوەن موڵک ئاگاداربکەرەوە ئەگەر لە دیوارەکەت مشکت هەیە یان زەردەواڵەی زۆر دێنە ناو ماڵەکەت.

## لە دەرەوە

بە رەچاوکردنی ئەوەی مێرووکان لە دەرەوە دێنە ژوورەوە، گرنگە ناوچەکانی وەک باخچە و دەوەنەکان فەرامۆش نەکەیت کاتێک ئەتەوێ رێگری لە هێرشی مێرووەکان بکەیت.

- ئەگەر لەدەرەوەیت، مۆمی سیترۆنێلا بەکاربهێنە بۆ ئەوەی مێش و زەردەواڵە لە باخچەکەت دووربخەیتەوە.
- کەڵەکردنی تەختە و پارچە دار رەنگە بەهەشتی سیسرگە و مۆرانەکانن، کە دەبێت لە ماڵەکەت دووریان بخەیتەوە. ووردە دار و تەختە لە باخچەکەت بەکارمەهێنە ئەگەر دەگونجێت، و تەختە ستوونیەکان لانی کەم بیست پێ لە ماڵەکەت دوورتر بەکاربهێنە.
- هەموو لق و چڵێ دارەکەت بەباشی هەڵپاچە بۆ ئەوەی دووربن لەماڵەکەت، چونکە رەنگە ببنە رێگەی گەیشتنی مێرووەکان بە ماڵەکەت.
- سینیی خواردنی باڵندە بەکاربهێنە بۆ کۆکردنەوەیی خواردنە فەوتاوەکان، چونکە رەنگە قرتێنەرەکان رابکێشێت.

# پشکنینی زەنگی ئاگادارکردنەوەی دووکەڵ

زەنگی ئاگادارکردنەوەی دووکەڵ پێویستی بە سیانەیەکی کەم هەیە، بەڵام ئەو سیانەیە ڕەنگە ژیانت ڕزگار بکات. هەرچەندە چەندین جۆر و مۆدێل هەن کە ڕەنگە هەتبن، دەتوانیت بە یەکێک لەم دوو ڕێگایە پشکنینی کارکردنیان بکەیت.

### شێوازی 1:

زۆربەی زەنگی ئاگادارکردنەوەی دووکەڵ دوگمەی تێستی هەیە. بەوریایی بچۆرە سەر پەیژەیەک، بە شتێکی درێژ ئەگەر پێویست بوو پاڵی بنێ. زەنگەکە دەبێت بکەوێتە کار.

شێوازی 2: دوو شقارتە داگیرسێنە و دواتر فوویان لێ بکە بۆ کوژاندنەوەی گڕەکەی بۆ ئەوەی دووکەڵ بەرەو زەنگەکە بڕوات. ئەگەر هەستەوەرەکەی کار بکات، زەنگەکە دەکەوێتە کار.

چی بکەیت: باتریەکە بگۆڕە. ئەگەر هێشتا کاری نەکرد، یان باترییەکەی نەگۆڕا، زەنگەکە پێویستی بە گۆڕین دەبێت.

## دەبێت چۆن ماوە نا ماوە پشکنینی زەنگی دووکەڵ بکەم؟

هەندێک کەس پێشنیاز دەکەن مانگی جارێک بیپشکنیت؛ هەندێک دەڵێت لە کاتی گۆڕینی کاتژمێر بیپشکنە. ئارەزووی خۆتە - دڵت هەرچۆن ئاسوودەیە ئەو کاتە پشکنین بۆ زەنگەکە بکە.

## سیانەی گشتیی زەنگی دووکەڵ

- هەرکاتێک گونجا تۆزەکەی پاکبکەرەوە.
- هەرگیز باترییەکانی لانەبەیت بۆ ئەوەی لە شتێکی دیکەدا بەکاریبهێنیت، چونکە ڕەنگە لەیادت بچێت بیخەیتەوە شوێنی خۆی.
- ساڵانە باترییەکان بگۆڕە تەنانەت ئەگەر کاریش بکەن.
- نزیکەی هەر دە ساڵ جارێک زەنگەکە بگۆڕە.



# سیانەکردنی ماڵەکەت

| خزمەتگوزاریەکان | |
|---|---|
| شوێنی قوفڵی ئاو: | |
| شوێنی پێوەری ئاو: | |
| شوێنی پێوەری کارەبایی: | |
| شوێنی بۆکسی جۆزەکان: | |
| شوێنی زەنگی ئاگادارکردنەوەی دووکەڵ: | |
| شوێنی سۆکێتی ئاریەڵی تەلەڤزیۆن: | |
| شوێنی سۆکێتی هێڵی تەلەفۆن: | |
| شوێنی ڕێکخەری پلەی گەرمی: | |
| وزە دابینکراوە لە لایەن: | |

| سەلەی خۆڵەکان | |
|---|---|
| شوێنی سەلەی زبڵی سەوز: | |
| شوێنی سەلەی ڕیسایکڵینی ڕەش: | |
| شوێنی سەلەی ڕیسایکڵینی شین: | |

تێبینیی خۆت بنووسە:

.............................................................................................................................................................
.............................................................................
.............................................................................................................................................................
.............................................................................
.............................................................................................................................................................
.............................................................................
.............................................................................................................................................................
.............................................................................
.............................................................................................................................................................
.............................................................................
.............................................................................................................................................................
.............................................................................
.............................................................................................................................................................
.............................................................................
.............................................................................................................................................................
.............................................................................
.............................................................................................................................................................
.............................................................................
.............................................................................................................................................................
.............................................................................
.............................................................................................................................................................
.............................................................................
.............................................................................................................................................................
.............................................................................
.............................................................................................................................................................
.............................................................................
.............................................................................................................................................................
.............................................................................
.............................................................................................................................................................
.............................................................................
.............................................................................................................................................................
.............................................................................
.............................................................................................................................................................
.............................................................................
.............................................................................................................................................................
.............................................................................
.............................................................................................................................................................
.............................................................................
.............................................................................................................................................................



NORTH
EAST
LINCOLNSHIRE
COUNCIL
www.nelincs.gov.uk